

# گوڵاڵە سوورەکانی یاد

خولیا حسێن

زۆر بیرەوەری هەن لە قوڵایی ژیانی مرۆڤدا هیندە کاریگەریان لە سەر باری دەروون  داناوە کە لە گەڵ هەر گۆشە نیگای ڕووانینێک و هەر بیرەوەرییەک و یادکردنەوەیەکی ئەم ڕووداوانە دیاردە دەروونیەکە هەموو پانتایی ناخ دادەگرێت و دەبێتە هۆی تێکچوونی باری ئاسایی ساتەکانی ژیان ,
یەکێک لەم بیرەوەریە قورس و تاڵ و ناخۆشانەی کە لە یاد کردنی بۆ من شتێکی مەحاڵە و بیرکردنەوەش لێی ڕووداوەکە زیندوو و زیندووتر دەکاتەوە و هەموو قەبارە و پانتایی ناخم  دادەپۆشێت و ڕەشەبای ئازار جۆلانی بە تۆپە بچکۆلانەکەی دڵم دەکا و ڕەهێڵەی فرمێسکی بە خور بەسەر گۆڕەپانی ناخمدا دەبارێت , لە هەمان کاتیشدا رق ئەستوور تر دەبم بەرامبەر بەو دەستە چەپەڵانەی باڵی باڵندەکانی ئازادی دەبەستن , تووڕە تر دەبم بەرامبەر بەو هەستە پیس و قیزەونانەی پەردەیەکی ڕەشیان داداوەتە  سەر روخسارە جوانەکانی ژیان , ئەم یادە , یادی تیرۆرکردنی هەردوو رابەری دنیایەکی باشتر هاورێیان شاپوور عەبدولقادر و قابیل عادل وام لێدەکات  هەرگیز واز نەهێنم لە شەر کردن بۆ وەدەست هێنانی دنیایەکی پر لەبەها مرۆڤایەتیەکان , یادی ئەم دوو رابەرە کۆمۆنیست و پێشرەوی دنیایەکی شایستە بە مرۆڤەکان ,ئەم دوو کەسە ماندوو نەناس و رابوو بۆ گەیاندنی مرۆڤە ستەمدیدەکان بە پێگاکانی دادپەروەری و بەختیاری و یەکسانی , دوو مرۆڤی دڵ بێ گەرد و هەمیشە وەڵام بەدەست بۆ کێشە و ئازارە کۆمەڵایەتیەکان , دەم بە خەندە و ئومێد بەخش لە هەموو کات و ساتە بێ ئومێدیەکان , ئەو  دوو مرۆڤەی کە هەتا ئێستاش پەپوولەی خەونەکانیان لە ئاسمانی یادەکانمان دەسوورێنەوە و ئومێدەکانیان , خۆزگە و ئارەزووە مرۆییەکانیان لە دڵی ئێمە چەکەرە دەکات و بە چرای روونی ئاوات و

ئومێدەکانی ئەوان ئێمە رێ دەکەین و ناوەستین , رێ دەکەی ن وسێبەری بالآی زراڤی شاپوور بە سەر سەرمانەوەیە ,رێ دەکەین و ئالآ سوورە شەکاوەکەی دەستی فابیل لە دەستمان دەشەکێتەوە , رێ دەکەین و دەنگی ئەوان ئاوازێکی کپ نەبووە هانمان دەدا و لە گوێچکەمان زرینگەی دێ .
هاورێیان لە 18ی نیساندا هەزاران چەپکە گوڵی گەشتر لە خۆزگەکانتان بۆ یادەوەریتان دیاریە, لەم رۆژەدا تف لە تیرۆر و تیرۆرستانیش روو رەشبن لەبەر دەرگای ئاواتە مرۆییەکانی ئێوە,

یادتان بەخێر هاورێیانم / یادتان بەخێر.....,

**2005/04/19**